ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
101
25 ی کانونی دووەم / جەنیوەری 2025



## کۆبونەوەی عەبدی و بارزانی!
## لەژێر ناوی دەستپێشخەریەک بۆ یەکخستنی کورد لە سوریا و ئاشتبوونەوە لەگەڵ تورکیا!

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەرە ٣

## بەیاننامەی سێ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ناوچەکە:
## ئاگربەست لە غەززە.. ئەمە تەنها سەرەتایە!

بۆ لاپەرە ٥



## پاکێجی سێ یاسا، سەفقەیەکی دارِزیو!

جەمال موحسین

بۆ لاپەرە ٧

## داوای چەکدانانی هەسەدە!

عوسمانی حاجی مارف........... لاپەرە ٩



## ئاگربەستی غەززەو ئایندەی خەڵکی فەلەستین!

بۆ لاپەرە ١١



## کێشەی کورد لەنێوان تورکیاو پەکەکەدا!

موحسین کەریم

ماوەیەکە پرسی کورد لە تورکیاو سوریا بووەتە بابەتی گەرمی زۆریک لە دەزگا میدیاییە کوردی و عەرەبییەکان. دوای بانگەوازەکەی دەوڵەتباخچەلی سەرۆکی حزبی نەتەوەپەرتی تورکیا و پشتیوانیکردنی لەلایەن ئۆردوگانەوە، سەبارەت بە دەوری ئۆچەلان لە کۆتاییهێنان بە"تیرۆر" و هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە و دەستپێکردنی پرۆسەی "ئاشتبونەوە" لە تورکیا و دوای روخانی رژیمی ئەسەدو هاتنەسەرکاتی هەیئەی تەحریری شام و پرسی توانەوەی هێزە چەکدارەکانی دژی ئەسەد لەناو سوپای سوریادا، کە بەرادەیەکی زۆر ئامانج لێی کۆتاییهێنانە بە بوونی سەربەخۆی سەربازی و سیاسی هێزەکانی سوریای دیموکرات(هەسەدە) و پارتی یەکێتی دیموکراتی کە پارتێکی سیاسی سەر بە رەوتی ئاپۆیە لە سوریا و پێکهاتەی سەرەکی هەسەدە پێکدەهێنێ، پرسی کورد لەو دوو ولاتە بووتە یەکێک لە پرسە سیاسیە گرنگەکانی هەردوو وولات و بگرە ناوچەکەش.

لەلایەکەوە تورکیا لەرێگای کردنەوەی دەرگا بۆ دەخالەتی ئۆجەلان، هەوڵی ئەوە دەدات کە پەیامێک لە ئۆجەلانەوە بۆ هێزەکانی پەکەکەو هەسەدە بڵاوبکاتەوە تا دەستبەرداری چەکەکانیان بن و مەرجەکانی تورکیا بۆ " ئاشتی" و کۆتاییهێنان بە شەڕ و هێرشی سەربازی بۆ سەر پەکەکەو

بۆ لاپەرە ٢

## ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!

# درێژەی..............کێشەی کورد لەنێوان تورکیاو پەکەکەدا!

هەسەدە قبوڵ بکەن. بێگومان هەنگاوێکی لەوچەشنە لەڕووی سیاسی و سەربازیەوە لە بەرژەوەندی تورکیایە، کە لەلایەکەوە نزیکەی چوار دەیەیە لەناوخۆی تورکیادا لە شەڕێکی بێهودەدایە لەگەڵ پەکەکەدا، بێئەوەی سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بەدەست بهێنێت، لەلایەکی دیکەشەوە هێزەکانی پەیەدەو هەسەدە، کە بەدرێژکراوەی پەکەکەیان دەناسێت، بەشێکی سوریایان بەدەستەوەیەو تورکیا بە مەترسی بۆسەر "ئاسایشی نیشتمانی" خۆی ناوزەدیان دەکات. هەرئێستاش لەرێگای بەکرێگراوەکانی لە "سوپای نیشتمانی سوریا" و بە پشتیوانی تانک و تۆپ و فڕۆکەی جەنگی، هێرشێکی فراوانی بۆسەریان دەستپێکردوە، بەڵام دەسکەوتێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە! تورکیا و بەتایبەتی حکومەتی ئۆردوگان و هاوپەیمانەکانی، لەم دۆخەی ئیستای جیهان و ناوچەکەو ناوخۆدا، ئومێدێکی زۆریان لەسەر ئۆجەلان هەڵچنیوە بۆئەوەی لەکێشەی پەکەکەو هەسەدە رزگاریان بکات.

تائێستا دووجار تیمی (دەم پارتی) کە لەڕووی سیاسی و فکریەوە لەسەر پەکەکە و رەوتی ئۆجەلان حساب دەکرێن، سەردانی زیندانی (ئیمراڵی)یان کردوەو چاویان بە ئۆجەلان کەوتوە. بەپێی ڕاگەیاندنەکانی تیمەکەی دەم پارتی، ئۆجەلان پێشوازی لە "دەستپێشخەری"یەکەی حکومەتی ئۆردوگان کردوەو ئامادەیی هاوکاریکردنی نیشانداوە. میدیاکانی نزیک لە پەکەکە باس لەوە دەکەن کە رۆژی ١٥ی شوبات ئۆجەلان لە پەرلەمانی تورکیا ئامادە دەبێت و پەیامێکی گرنگ ڕادەگەیەنێت! بێگومان ئەوەش ئەو مەرجە بوو کە دەوڵەت باخچەلی دایـنابوو بۆئەوەی ئۆجەلان لە"مافی هیوا" بەهرەمەند بێت، واتە جۆرێک لە ئازادی پێ ببەخشرێت! هەندێ میدیاش باسیان لەوە دەکرد کە ئۆجەلان وتویەتی "نامەوێ لەناو تابوت دا بچمەدەرەوەی زیندان!"

بەپێی هێڵی فکری-سیاسی ئۆجەلان، کە دوای زیندانیکردنی و بەجۆرێک بە ئیلهام وەرگرتن لە ئانارشیستی ئەمریکی(مەری بوکچین) پێی گەیشتوە، کێشەی کورد لەڕێگای "کۆنفیدراڵیزمی دیموکراسی" یەوە چارەسەر دەبێت لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی کوردیان لێدەژی! لەسەر ئەم بنەمایە، هەسەدە داوای لامەرکەزی سیاسی دەکات لەچوارچێوەی دەوڵەتی سوریادا. وەکو لەڕاگەیاندنی تیمی دەم پارتیدا دوای چاوپێکەوتنی دووەم لەگەڵ ئۆجەلاندا ئاماژەی پێکراوە، ئۆجەلان باسی چارەسەری پرسی کوردی کردوە لە "هەر چوار پارچەی کوردستاندا"، کەپێدەچێت هەمان ریگاچارەی لامەرکەزی بۆ کێشەی کورد لە هەر چوار وولاتی تورکیاو سوریاو ئێران و عێراق پێشنیار بکات. ئەوەی چەندە ئەم رێگاچارەیە وەکو پرسێکی عەمەلی لەسەر ئاستی چوار وولاتدا جێگا پەیدا دەکات، بنەمایەکی ئەوتۆی نیە، بەڵام پرسەکە راستەوخۆ پەیوەست دەبێت بە کێشەی کورد لە تورکیا و سوریادا. ئەوەی تورکیا مەبەستیەتی ئەوەیە کە ئەم مەسەلەیە لە سوریاو تورکیادا لە بەرژەوەندی خۆی بەلایەکدا بخات. ئەوەی بە ئۆجەلانیش دەکرێ لەباری عەمەلیەوە هەر لەو چوارچێوەیەدا ئیمکانی جێبەجێبوونی هەیە، ئەگەر هیچ فاکتەرێکی دیکە کاریگەری لەسەر ئاراستەی روداوەکان نەبێت و هەنگاوەکان پووچەڵ نەکاتەوە! بەڵام ئایا تا چ رادەیەک ئەم سەوداو مامەڵە لەنێوان دەوڵەتی تورکیاو ئۆجەلاندا سەرکەوتوو دەبێت و ئامانجەکانی تورکیا لە هەڵوەشاندنەوەو ڕادەستکردنی چەک لەلایەن پەکەکەو هەسەدەوە لەلایەک و خواستەکانی ئۆجەلان لە لامەرکەزیەتی سیاسی لە تورکیاو سوریا، بەدی دێن و دەستبەر دەکرێن؟ ئەوەش بۆخۆی پرۆسەیەکی سیاسی ئاڵۆزو پڕگرفت و نارۆشن و لەرزۆکە!

بەڵام بەدەر لەوەی لەنیوان ئۆجەلان و پەکەکەو هەسەدە لەلایەک و دەوڵەتی تورکیا لەلایەکی دیکەوە، چی ڕوودەدات و بەکوێ دەگەن، کێشەی کورد لە هەریەکە لە تورکیاو سوریا لەڕێگای "لامەرکەزی سیاسی" و " فیدراڵیزمی نەتەوەیی"یەوە چارەسەر نابێت. لەکاتێکدا پێناسەی دەوڵەت تورکی و عەرەبی بێت، لەکاتێکدا دەسەڵاتێکی ئیسلامی ناسیۆنال تورکی لە تورکیاو ئیسلامی عەرەبی لە سوریا دەسەڵاتدار بن، خەڵکی کوردزمان ناتوانن هاوڵاتی یەکسان بن لەگەڵ هاوڵاتیانی تورک و عەرەب لەو دوو وولاتەدا. تاکاتێک پێناسەی دەوڵەتی تورکیاو سوریا وەکو دوو دەوڵەتی غەیرە قەومی و غەیرەدینی و سیکولار لە دەستوری وولاتدا جێگیر نەبێت و هاوڵاتیانی تورکیاو سوریا وەکو هاوڵاتی یەکسان، بەدەر لە نەتەوەو ئاین و رەگەزیان یەکسان نەبن، ئیمکانی پێکەوەژیانی دڵخوازانەی هاوڵاتیانی سەر بە نەتەوە جیاوازەکان ناواقعی دێتەبەرچاو. بۆیە چارەسەری ڕاستەقینەو عادیلانە بۆ کێشەی کورد لە هەریەکە لە سوریاو تورکیادا بەوجۆرە دەبێت کە دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکانی تورکیاو سوریا مافی ئەوەیان هەبێت کە لە ڕاپرسیەکی ئازادانەدا بڕیار لەسەر ئەوە بدەن کە ئایا لەگەڵ دەوڵەتەکانی تورکیاو سوریادا دەمێننەوە یاخود جیادەبنەوەو دەوڵەتی سەربەخۆ دروست دەکەن.

★

# کۆبونەوەی عەبدی و بارزانی!

## لەژێر ناوی دەستپێشخەریەک بۆ یەکخستنی کورد لە سوریا و ئاشتبوونەوە لەگەڵ تورکیا

عوسمانی حاجی مارف

سەردانەکەی مەزلوم عەبدی بۆ هەولێر و دیدارەکەی لەگەڵ مەسعود بارزانی سەردانێکی ئاسایی نەبوو، بەتایبەتی لە دۆخی ئێستای سوریا کە تورکیا دەخالەتێکی راستەوخۆی هەیە لەبەرامبەر ئەو گۆڕان و پێشهاتانەی لە سوریا و ناوچەکەدا دەگوزەرێت. لەهەمانکاتدا ئەوەش شاراوە نیە کە بارزانی پەیوەندیەکی تایبەتی لەگەڵ پاشکۆبون بە سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی تورکیاوە دامەزراندوە، بۆیە هاوکاتی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی تورکیا، بارزانی ئەو هەلە دەرەخسێنێ کە بەناوی نێوەندگیری لەنێوان تورکیا و هەسەدەدا جێگایەک بۆ دەخالەتی خۆی لەگەڵ ئیدارەی هێزە کوردیەکاندا بکاتەوە. لەهەمانکاتدا بارزانی لە هەوڵی ئەوەدایە بەناوی یەکخستن و یەکریزی کورد لە سوریا، رۆڵی ئەنەکەسە لە سوریا بەرێتە پێشەوە تێکەڵ بە یەپەگە و هەسەدەی بکات، بە مانایەک دۆخێکی گونجاوتر بۆ دەخالەتی تورکیاو بەرژەوەندیەکانی دابین بکات.

هەڵبەتە ئەوەی شایانی باسە حکومەتی تورکیا پێشوەخت لەم دیدارەی عەبدی و بارزانی ئاگادارکراوەتەوە، مەسرور لە کاتی سەردانەکەی بۆلای ئۆردوگان ئۆکەی بۆ ئەو دیدارە وەرگرتووە. راستە بارزانی ئەو دیدارە بەفشاری ئەمریکا و فەرەنسا ئەنجامداوە، بەلام ئەمەش وەک یەکێک لە هەوڵەکانی تورکیا و بارزانیە بۆئەوەی بتوانن هێزە چەکدارەکانی ئەنەکەسە بنێرنە ناو ناوچە کوردنشینەکانی سوریا و بیکەن بە هێزێک لە بەرامبەر هەسەدەدا، بەمشێوەیە لە هەوڵی ئەوەدا دەبن دۆخەکە بەقازانجی تورکیا و بارزانی بچەرخێنن، تا ئەو ئاستەی گەر شەری ناوخۆی لێکەوێتەوە!

لە هەواڵی میدیاکانەوە بەگشتی ئەوە رادەگەیەنرێت " ئەم دیدارە وەک هەنگاوێکی زۆر گرنگ بۆ گەیشتن بە یەکریزی کورد لە سوریا سەیر دەکرێت، هەروەها مەرجی پێشوەختە بۆئەوەی کورد بتوانێت مافەکانی خۆی لە سوریای نوێدا دووپات بکاتەوە. لەژێر رۆشنایی ئەم قۆناغە ناسکەدا، هاوکاری لە نێوان سەرکردەکانی کوردا دەرفەتێکە بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی کورد لە ناوخۆ و دەرەوە"!!.

ئەوە شاراوەنیە کە تەواوی مێژووی هەڵسورانی سیاسی بارزانی لە کوردستانی عێراق و بالادەستی لە زۆنی زەرد بەرجەستەکردنی ئەوجۆرە لە یەکریزی و یەکخستنی کورد بووە کە جگە لە دابەشکردنی دەسەلات و شەڕکردن بۆئەو مەبەستەو بەرجەستەکردنید سەلاتی دوو زۆنی و کەڵەکەی سەرمایەو تالانی سەروەت و سامانی کوردستان و قاچاچچێتی و بازرگانی بە نەوت و کۆنترۆڵکردنی سنورەکان، هیچ شتێکید یکە نەبوە و هیچ کاتیش یەکریزی کورد مانایەکی عەمەلی و واقعی نەداوە بەدەستەوە. هەر ئەم ئەزمونەی بارزانی لە هەرێمدا و سی دەیەی دەسەلاتەکەی و پێکهێنانی حکومەتەکانی و سیناریۆی سەوداو مامەڵە سیاسیەکانی نیشانیداوین، کە تاچەند بە تەنگ بەرژەوەندیەکان و ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستانەوەیە، یان تاچەند کێشەیەکی هەبووە بەناوی یەکریزی کوردەوە!؟ ئەوە حاشا هەڵنەگرە کە یەکریزی بۆ بارزانی مانای کۆنترۆڵکردنی تەواوی هێزو لایەنە سیاسیەکان و دەسەلاتی رەهای بنەماڵەکەی بووە بەسەر خەڵکی کوردستاندا.

ئێستاش دوای روخانی ئەسەد و ئەو دەورو دەخالەتەی تورکیا لە سوریا گێراویەتی، گۆرانی هاوکێشەی سیاسی بە قازانجی تورکیا و پاشەکشە بە ئێران، دەروازەیەک بۆ بارزانی کراوەتەوە کە پاشکۆبونی خۆی بۆ تورکیا زیاتر بەرجەستەکاتەوەو پێشخزمەتی زیاتر نیشان بدات، هەر بەم مانایە گەر بارزانی چاوەروانی دەستکەوتێک لە پێشوازیکردنی مەزلوم عەبدی نەبێت، کە هەوڵی بەرزکردنەوەی پێگەو نفوزی سیاسی خۆیەتی، تا لە ناوچە کوردنشینەکانی سوریا هەلێکی زێرین بەدەست نەهێنێت، ئامادە نیە نێوەندگیری نێوان تورکیا و هەسەدە بکات، بارزانی ئێستا بەهەر ئالۆزیەک لەدۆخی سیاسی ناوچەکە، پێشبینی ئەوە دەکات لە رێگەی سەرکەوتنەکانی تورکیا لە ناوچەکە، دوای چەندین ساڵ لە ناکۆکی لەبەرامبەر هەسەدەدا، ئێستا هەلی دەخالەتی بۆ رەخساوەو دەتوانێت جێگایەک بۆ ئەنەکەسە بکاتەوە.

لە گەڵ هەمووی ئەو بانگەشە درێژخایەنە لە نمایش بەناوی ئاشتیەوە

دەکرێت، سیناریۆی دەستێوەردانی سەربازی تورکیا بە ئۆپەراسیۆنێکی زەمینی فراوان لەدژی هێزە کوردیەکانی سوریا لە شوێنی خۆی ماوە، بۆیە هیچ دڵنیاییەک لە ئارادانیە لەوەی کە بڵێین هەڕەشەی لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر کوردەکان لە سوریا نەماوە، گەر بونی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا و هەڵکردنی چرای سوری ئەمریکا نەبێت لەبەرامبەر لەشکرکێشی تورکیادا، تورکیا بە هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی هەیئەی تەحریری شام، شەڕێکی گەورە لە بەرامبەر هەسەدە و پەیەدە و پەکەکەدا ڕێکدەخات، بەدور نازانرێت کە بارزانی و ئەنەکەسەش هیچ بۆیان شەرمەزاری نیە، بەشداری لە ئەگەری هێرشێکی لەو چەشنەدا بکەن.

سەردانەکەی عەبدی بۆ هەولێر هاوکاتە لەگەڵ هەوڵەکانی ئەنقەرەبە ناوی دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی نوێ لە تورکیا و کۆتاییهێنان بە پرسی کورد و ململانێی چەکداری تورکیا و کورد، کە زیاتر لە ٤ دەیەیە بەردەوامە، لەهەمانکاتدا هەوڵدانە بۆ چەکدانانی پەکەکە لەڕێگەی بانگەشەی ڕێکەوتن لە زیندانی ئەمیرالیەوە!.

هەروەها مەسرور بارزانیش سەردانی تورکیای کرد، لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و هاکان فیدان و ژمارەیەک بەرپرسی باڵای تورکیا کۆبوەتەوە، بێجگە لەوەرگرتنی ئۆکەی بۆ دیدارەکەی بارزانی و عەبدی، سەبارەت بە دوو فایل، بابەتی دۆخی سوریا و دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستانیان باسکردووە.

کۆبونەوەکەی نێوان عەبدی و بارزانی نزیکەی دوو کاتژمێری خایاندوە، پێدەچێت دواتر قسەوباسەکانیان دەربارەی کشانەوەی چەکدارانی پەکەکە بوبێت لە سوریا، بەحساب بۆ دوورخستنەوەی بیانووەکانی تورکیایە، کە تورکیا نارەزایی دەردەبڕێت بەرامبەر بە بوونی پەکەکە لە نێو هێزە کوردیەکانی سوریادا، بەمشێوەیەش هەوڵئەدات کەوتنی ڕژێمی ئەسەد بقۆزێتەوە بۆ نەهێشتنی ڕێکخراوە کوردیەکان لە هەردوو وڵاتی سوریا و تورکیادا، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەردەوامبونی ناکۆکیەکانی ئەمریکا و تورکیا لە مەلەفی "هەسەدە"دا کە ئەمریکا لەم دۆخەدا بە پێویستی دەزانێت پشتیوانی مانەوەی هێزەکانی هەسەدە بکات.

ئەوەی جێگای سەرنجە تورکیا زۆر پێداگری لە دورخستنەوەی دەوری پەکەکە دەکات، بەڵام لە هەمانکاتدا ئامادەیە ئاسانکاری بۆ دەوری ئەنەکەسە بکات گەر شەڕی ناوخۆش ڕوووبدات.

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبدەین هەلومەرجی سیاسی سوریا بەدوای ڕوخانی ئەسەد لەنێو گێژاوێکدا سەری دەرهێناوە، کە ئایندەکەی لەبەردەم ململانێ و دەخالەتی ووڵاتانی ئیمپریالستی زلهێزی دنیاو ووڵاتانی ناوچەکە بە ئیسرائیل و تورکیاوە ڕۆشن نیە چۆن یەکلایی دەبێتەوە، سوریا کەوتوتە بەردەم چەندین گەمەو سەوداو مامەڵەو دەخالەتەکانەوە، کە ئەم دیدارەی بارزانی و عەبدی، بەشێکە لەو دۆخەی کە تورکیا و بارزانی دەیانەوێت یاری تیا بکەن و عەبدی و هێزە کوردیەکانی سوریا بخەنە ناو تەڵەی ئەو پلانەی بە بەرژەوەندی تورکیا تەواو دەبێت، هەرچەندە مەزلوم عەبدی دووپاتی کردوەتەوە کە "هێزەکانی هەسەدە بەنیازی هەڵوەشاندنەوەی خۆیان نین لە قۆناغی ئێستادا، هەر ڕێکەوتنێکیش لە ئەگەری ڕادەستکردنی کێڵگە نەوتیەکان بە ئیدارەی نوێی دیمەشق مەرجدار دەبێت، هاوکات ڕێکەوتن هەیە لەگەڵ ئیدارەی نوێی سوریا سەبارەت بە بەستنەوەی دامودەزگاکانی خۆبەڕێوەبردن بە دامەزراوە ناوەندیەکانی دیمەشق، بۆ پاراستنی تایبەتمەندی ئەو دامەزراوانە بە شێوەیەک کە لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی ناوچەکەدا بگونجێت "، بەڵام واقعیەتی دۆخی سیاسی سوریا ڕۆڵی یاریکەرانی ئێستای نێو مەیدانی سیاسی لە سوریا و ناوچەکە بەدەوری بارزانیشەوە کە غیابی هێزی چینی کرێکارو کۆمۆنستەکان و ئازادیخوازانە بەهیچ جۆرێک جێگای متمانە نیە کەچارەنوسی هێزە کوردەکانی سوریا لە کوێدا ڕادەوستن و دانیشتوانی ئەو ناوچانە چیان بەسەردێت.

☆


## ئۆکتۆبەر

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

سەرنوسەر : موحسن کەریم

فایبەر: 0044(0)7394013135

واتس ئەپ: 0044(0)7394013135

مۆبایل:0044(0)7394013135

Muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:

October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**



سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی

**عوسمانی حاجی مارف**

00964(0)7701570050

Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی

**خەسرەو سایە**

00964(0)7701511043

saya.xasraw@yahoo.co.uk

بەرپرسی ڕێکخراوی دەرەوە

**دەشتی جەمال**

0044(0)7856032991

dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی پەیوەندیەکان

**فواد سادق**

00964(0)7732499966

foadsadq@yahoo.com

# بەیاننامەی سێ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ناوچەکە:

# ئاگربەست لە غەززە.. ئەمە تەنها سەرەتایە!

بەدوای ڕێککەوتنی نێوان حەماس و ئیسرائیل، ڕۆژی یەکشەممە ١٩ی جەنیوەری ٢٠٢٥، قۆناغی یەکەمی ئاگربەست لە غەززە دەستیپێکرد. ئاگربەستێک کە بڕیارە بە سێ قۆناغدا تێبپەڕێت، لەوانەش سەرجەم بارمتە ئیسرائیلییەکان و دوو هەزار بارمتەی فەلەستینی ئازادبکرێن، هەروەهارێگەی گەیاندنی یارمەتییەکان بۆ خەڵکی غەززە بکرێتەوە وسوپای ئیسرائیل لەم قۆناغانەدا لە غەززەبکشێتەوە وپەنابەرانی فەلەستینی بگەڕێنەوە شار و گوندەکانیان و ئاوەدانکردنەوەی غەززە دەست پێبکات. تا ئێستا تەنها لەسەر قۆناغی یەکەمی ئەم نەخشەیە ڕێکەوتنی تەواوکراوە.

لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئاگربەست و وەستانی بۆردومانەکان و کوشتاری خەڵکی فەلەستین، کە تا دوا ساتەکان بەردەوام بوو، شەپۆلێکی شادی وخۆشی سەرانسەری فەلەستینی گرتەوە. خۆشی و شادی لەبەرامبەر وەستانی گرمە و ناڵەی بۆمبهاوێژەکان وتەقاندنی بۆمب و مووشەک کە لە زەوی و ئاسمانەوە بە وێرانکەرترین چەکی کۆمەڵکوژ، منداڵان و خەڵکی فەلەستین، کەبێ هیچ پەناگەیەک و بەبرسێتی و هەژاری لەنیو وێرانەکانی کەرتی غەززەدا بوون، بێرەحمانە ئەیکردنە ئامانج و گیانیان لەدەستدەدا. کۆمەڵکوژییەک کە بەدرێژایی ١٥ مانگ بوو بە یەکێک لە خوێناویترین تاوان و جینۆسایدەکانی مێژووی مرۆڤایەتی کە لەلایەن ئیسرائیل و ئەمریکا و ئینگلتەرا و هاوپەیمانەکانیانەوە ئەنجامدرا. کوشتاری بەکۆمەڵ و پاکتاوکردنێک کە لە ئەنجامدا ٥٦ هەزار کوژراو و ١١٠ هەزار بریندار و بێسەروشوێنبوونی دەیان هەزار کەس و ئاوارەبونی چەند ملیۆن کەسی فەلەستینی و وێرانکردنی سەرتاسەری کەرتی غەززە و هەروەها کوژران و بریندارببوونی هەزاران کەس لە کەرتی ڕۆژئاوای لێکەوتەوە. ١٥ مانگ کە غەززەی کردە گەورەترین قەسابخانەی جیهان، کە قەسابەکانی لە دەستەی فەرمانڕەوای ئیسرائیل، بەرەسمی ڕایانگەیاندبوو تا کوشتنی دواهەمین فەلەستینی بەردەوامدەبن. تاوانێک کە دەکرا هەر لە سەرەتاوە کۆتایی پێبهێنرێت، بەڵام پشتیوانی بێدرێغ وراستەوخۆی وڵاتانی ڕۆژئاوا و لەسەرووویانەوە ئەمریکا، ڕاگرتنەکەی کردەمەحاڵ.

ئەمڕۆ دوای ١٥ مانگ لەتاوانکاری، ئیسرائیل ناچار بوو بەئاگربەست ڕازی بێت و بەبێئەوەی بە ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی خۆی گەیشتبێت، دەستهەڵبگری و مل بەڕاگرتنی هێرشەکانی بدات. سەرەڕای ئەوەی کە هیچ گەرەنتییەک بۆ جێبەجێکردنی قۆناغەکانی داهاتووی ئەم پلانە و دەستپێنەکردنەوەی کوشتن و بۆردومانی خەڵکی فەلەستین لەلایەن ئیسرائیلەوە نییە، و سەرکردەکانی ئەم وڵاتە بە فەرمی ئەمەیان ڕاگەیاندووە، بەڵام خودی قبوڵکردنی بڕیاری ئاگربەست لەلایەن ئیسرائیلەوە، قبوڵکردنی ناکامی و شکستی حکومەتی فاشیستی ئیسرائیلە چ لەڕووی سەربازی و چ لە ڕووی سیاسییەوە. تەنانەت خودی ڕاگەیاندنی ئاگربەست بۆخۆی نیشانەی شکستێکی ئابڕوچوانەیە نەک تەنها بۆ حکومەتی ئیسرائیل، بەڵکو بۆ هەموو ئەو حکومەتانەی بەرگری لەم تاوانکارە دەکەن و هاوبەشی حکومەتی ئیسرائیلن لە تاوانەکانیدا دژ بە مرۆڤایەتی.

١٥ مانگی ڕابردوو، جیهان شایەتی ململانێیەکی گەورەی نێوان خەڵکی موتەمەدینی جیهان و حکومەتی ئیسرائیل و هاوبەشە ڕۆژئاواییەکانی بوو کە لەدژی بەربەرییەت و جینۆسایدو تاوانە جەنگییەکانیان و بۆ بەرگریکردن لە خەڵکی فەلەستین، هاتەمەیدانەوە. لەم ١٥ مانگەدا دەیانهەزار کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی گەورە، مانگرتنی کرێکاری، نارەزایەتی خوێندکاران و...هتد. لە هەموو جیهاندا، بەتایبەت لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، لە واشنتۆن و لەندەنەوە تا پاریس و بەرلین و... هی تر لەئارادابوو. داوای کۆتاییهێنانی دەستبەجێی بە کۆمەڵکوژیی خەڵکی فەلەستین، ڕاگرتنی دەستبەجێی هاوکارییە سەربازی، هەواڵگری، سیاسی، دارایی و پروپاگەندەییەکان بەئیسرائیل، بایکۆتکردنی ئیسرائیل و دادگاییکردنی سەرکردەکانی، پێکەوە لەگەڵ سەرانی "دڵسۆزی" وڵاتانی ڕۆژئاوا بەتۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی جەنگ و جینۆساید، بەشێک لەخواستەکانی ئەم خەڵکە بوو. ١٥ مانگێک کە سەدان ملیۆن کەس هاتنەمەیدان و پەردەیان لەسەر ڕوخساری دزێوی دەوڵەتانی ڕیاکاری "دیموکراسی" ڕۆژئاوایی و لافلێدانیان بە "دیموکراسی و مافی مرۆڤ و شارستانیەتی ڕۆژئاوا" هەڵماڵی و

⇦ وەک بکوژی منداڵانی فەلەستینی و قەسابانی دەیان هەزار کەسی بێتاوان، بە جیهانیان ناساند و داوایانکرد دادگایی بکرێن.

ڕازیبوونی ئیسرائیل بە ئاگربەست و دەستهەڵگرتنی لە ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی، لە پلانە ترسناکەکەی، واتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێی دەستەی دەسەڵاتدارە فاشیستەکەی، کە تێیدا هیچ شوێنەوارێک بۆ فەلەستین نامێنێتەوە، سەربەخۆ لە هەر فاکتەرێکی دیکە، دەرئەنجامی وەستانەوە و بەردەوامیدان بە فشارهێنانی سەدان ملیۆن کەسی ئاشتیخواز و لایەنگری خەڵکی فەلەستین بوو. بەپێچەوانەی بانگەشەی بێشەرمانەی وڵاتانی ڕۆژئاوا و پێدانی مەدالیا بە یەکتری کە گوایە ئەمان ئامڕازێکی گوشارن بۆ ئەم ئاشتییە و هۆکاری کۆتاییهێنان بە شەڕ، سەرۆکی ئەم دەوڵەتانە و بانگەشەکارانی "ئاشتی"، هەمان ئەو تاوانبار و بکوژانەن کە لەژێر فشاری ڕای گشتیدا کەوتوونەتە سەر ئەژنۆ. هەروەها بەپێچەوانەی هاتوهاواری وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە، لە ئێرانەوە تا تورکیا، کە لەپێناو گەیشتن بە ئامانجە کۆنەپەرستانەکانیان لە ناوچەکەدا، ڕیاکارانە بەرگری لەخەڵکی فەلەستین و ئازادییەکەی دەکەن و ڕۆڵی خۆیان لە گوشارهێنان بۆ قبوڵکردنی ئاگربەست بەرجەستەدەکەنەوە، ئەوە ئەم بزووتنەوە ئینسانیە قوڵەی خەڵکی جیهان بوو کە فاشیستەکانی ئیسرائیلیان هێنایە سەر ئەژنۆ.

ئەمڕۆ خەڵکی ئاشتیخواز و موتەمەدینی جیهان نەک تەنیا مافی خۆیانە، لەو ڕۆشنایەیەی کە هەرچەندە کاتی و بچوکیش بێت بۆ ڕاگرتنی کوشتار و تاوانکاریەکان لە دژی خەڵکی فەلەستین دڵخۆش بن، بەڵکو بە شانازی و متمانە بەخۆبوونەوە خەباتی خۆیان لەپێناو کۆتاییهێنانی یەکجاری بەجەنگ و داگیرکردنی فەلەستین، ئاوەدانکردنەوەی غەززە و دابینکردنی ئیمکاناتی ژیان، گەڕاندنەوەی ئارامی و ئاسایش بۆ ئەم ناوچەیە و لغاوکردنی حکومەتی فاشیستی ئیسرائیل و دادگاییکردنی هەموو تاوانباران و ئەنجامدەرانی ئەم دڕندەیەتیە، درێژەپێبدەن .

ڕاگەیاندنی ئاگربەست و ڕاگرتنی کوشتاری خەڵکی فەلەستین، هێشتا سەرەتای کارە. هێشتا دەیانهەزار کەس لە ژێر داروپەردوودا ماون، هەزاران زیندانی فەلەستینی لە زیندانەکانی ئیسرائیلدا هەن کە دەبێت ئازاد بکرێن. کەرتی غەززە، کە لەژێر بۆردومانە بەرفراوانە ئیسرائیلی_ئەمریکیەکاندا وێران بووە و هەموو ئیمکاناتێکی ژیانکردن و ئاسەوارێکی شارنشینی، وەک ڕێگاوبان، ئاو، ناوەندی پیشەسازی و ژێرخانی ئابووری، لەوانەش قوتابخانە، باخچەی ساوایان، بنکە تەندروستییەکان و... یەکسانکراون بە خاک، دەبێت سەرلەنوێ بنیاتبنرێتەوە. هێشتا پرسی فەلەستین و ڕزگاری خەڵکی فەلەستین لە دەسەڵاتی فاشیستی ئیسرائیل و ئاسایش و خۆشگوزەرانی و ئازادییان، وەک ئەرکێک لەئەستۆی بەشەریەتی موتەمەدین و ئینساندۆستدایە.

ئەمڕۆ دوای ١٥ مانگ لە نارەزایەتی و خەباتی بەشەریەتی موتەمەدین بۆ بەرگری لەخەڵکی فەلەستین، بەرەیەکی جیهانی پێکهاتووە و ڕایدەگەیەنێت کە جیهان تەنیا مەیدانێک نییە بۆ حکومەتە کۆنەپەرستەکان و تاوانبارانی جەنگ. بەرەیەک کە ئەمڕۆ لە ئەمریکا و ئەورووپاوە تا ئەفریقا و ئاسیا دەیەوێت کۆتایی بەدڕندەیی، فاشیزم و ڕەگەزپەرستی، داگیرکاری و میلیتاریزم، شەڕی نەتەوەیی و ئاینی و ناسیۆنالیستی بێت.

بەداخەوەخەڵکی فەلەستین لەم قۆناغەدا باجێکی یەکجار زۆریدا، بەڵام ڕاوەستاوی خەڵکی فەلەستین و پشتیوانی جیهانی بۆ ئەم خەڵکە، دەستکەوتێکی گەورەی بۆ ئەم بەرەیە هێناوەتەئاراوە. لەئێستاشدا پاشەکشەکردن بەئیسرائیل و شکست پێهێنانی لەبەردەم ئەم بەرە ئینساندۆستەدا و ناچارکردنی بە ڕازیبوون بە ئاگربەست، هەروەها گۆشەگیرکردنی لەسەر ئاستی جیهاندا، بێئابڕوکردنی هاوبەشەکانی ئیسرائیل و هەموو وڵاتانی کۆنەپەرست و بێئیعتبارکردنی هەموو دامەزراوە و دەسەڵاتە نێودەوڵەتییەکان و بانگەشەکەرانی درۆزنانەی شارستانیەت و مافەکانی مرۆڤ ودیموکراسی و...گۆشەیەکن لەم واقعیەتە.

ئەم ڕاستیانە جارێکی دیکە ئەوەی بەم بەرەیە نیشانداوەتەوە کە دابینکردنی ئاشتی و گەڕاندنەوەی مافی ژیان بۆخەڵکی فەلەستین و هەروەها دابینکردن و دەستەبەرکردنی سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ لە سەرانسەری جیهاندا، تەنیا پەیوەستە بە ڕۆڵی ئەم بەرەیەو بزووتنەوەکەیەوە، بەڕۆڵی چینی کرێکاری جیهانی و هاوپشتیە نێودەوڵەتیەکەیەوە، کە لەم قۆناغەدا پێکهاتووە. ئەم بەرەیە تاکە ئومێدە بۆ خەڵکی بێبەشی فەلەستین بۆ گەیشتن بە ئازادی. کاری ئەم بەرەیە و خەڵکی فەلەستین لەپێناو شکست پێهێنانی یەکجاری ئیسرائیل و هەڵگرتنی دەستی تاوانبارانی جەنگ لەسەر سەری خەڵکی فەلەستین و بەدەستهێنانی ئازادییان هێشتا کۆتایی نەهاتووە، ئەمە سەرەتای کارەکەیە.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**
**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**حیزبی حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی)**

**٢١ی جەنیوەری/ کانونی دووەمی ٢٠٢٥**

☆

# پاکێچی سێ یاسا، سەقفەیەکی دارڕزیو!

## جەمال موحسین

### ٢٤ ی جانیوەری ٢٠٢٥

ڕۆژی ٣ شەممە، ڕێکەوتی ٢١ ی جانیوەری ٢٠٢٥ لە پاکێجێکدا کە پێشتر تەوافقی سیاسی لەسەر کراوە، سێ بڕیار لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەنگی لەسەر درا و پەسەند کران. یاساکانی ناو پاکێجەکەش بریتین لە گەڕاندنەوەی زەوییوزاری ئەو کەسانەی کە کاتی خۆی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لێیان داگیرکرابوو، دەرکردنی لێبوردن بۆ زیندانیەکانی سەر بە سوننەکان کە زۆرتر لایەنگرانی بەعس و داعشن وە لە لەپاڵ ئەم یاسایانەشدا هەمواری یاسای باری کەسێتی ساڵی ١٩٥٩ بەجۆرێک کە دەستی مەزهەبەکانی شیعە (باڵی جەعفەری) و سوننە ئاوەڵا ئەکات بۆ ڕەوایەتیدان بە زەواجی کەسانی خوار هەژدە ساڵ.

بەکورتی هەر کەسێک لە کاتی ڕژێمی بەعسدا زوڵمی لێکرابێت و زەوییوزار و موڵکی داگیرکرابێ مافی خۆیەتی بۆی بگەڕێتەوە و ئەمە خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی تێدا نییە و مافی خۆیانە. بەڵام هاتنی ئەم یاسایە و پەسەندکردنی لەپاڵ لێبوردن بۆ کەسانێک کە خۆیان لە بنەڕەتدا تاوانبارن بە کوشتن و تیرۆر و کوشتاری خەڵک و یاسای ڕەوایەتی دان بە هاوسەرگیری مناڵاندا وەک پاکێجێک ئەوپەڕی دواکەوتوویی و حەقارەتە.

لەماوەی چەند ساڵی پێشوودا چەند جارێک پەرلەمانتارانی شیعە بۆ زیندووکردنەوەی یاسای جەعفەری بۆ یاسای باری کەسێتی، ئەم پرۆژە یاسا و "هەموارە"یان بە دەستەوە گرتووە. بەڵام چەندین جار، دواترینیشیان لە مانگی ئۆگەستی ٢٠٢٤ کە خوێندنەوەکانی بۆ کرا، هەم لە شەقام و هەندێک لە ڕێکخراوەکانی ژنان و کەسایەتی ئازادیخواز و کۆمۆنیستەکانەوە نارەزایەتی دەربڕدرا و ڕەتکرایەوە و ڕێیان لێگیرا بە پەسەندکردنی بگەیەنن. وادیارە سیاسەت و تەوافق بۆ پەرلەمانتارە ناسیۆنال_ ئیسلامیەکانی کورد لەپێناو بەرژەوەندی خۆیاندا زۆر لەوە گرنگترە دەرئەنجامە خراپ و وێرانکەرەکانی ئەو ''هەموارە'' کە زیادکردنی دیاردەی بە شوودانی کچانی مناڵە تا تەمەنەکانی ٩ ساڵ و ١٥ ساڵ ببینن. بە تایبەتی هەندێک بۆینباخ لە ملیان پێشتر و بە زارەکی خۆیان وەک نەیاری ئەو بەدهەموارکردنە لە قەڵەم ئەدا.

زۆر ڕۆشنە هەمووان پەرلەمانتارانی سوننی و شیعی و کورد کۆکن لەسەر ئەوەی هەر سێ یاساکە پێکەوە دەنگیان لەسەر دراوە و بێئەملاولا بۆ هەر کەسێکی وژیدان زیندوو ڕوونە ڕێکەوتنی پێشوەختەیان لەسەر کردووە. بەبڕوای من خودی ئەوەی کە گوایە ئەمجۆرە لە دەنگدان یاسایی و دەستوری نییە و خودی ئەوەش کە پاکێجی سێ یاساییش نابێ بخرێتە دەنگدانەوە وەک هەندێک لە ڕەخنەگران بەیانی ئەکەن، ناوەڕۆکی کێشەکە نیشان نادات. هەرچەندە هەر ئێستاش تانە لە بڕیارەکە دراوەتەوە بەڵام دیسان لە سەقفەیەکی تری بۆگەندا هەر ئەم سێ لایەنە لەڕێی پەرلەمانتارە محەجەبە و ڕیشنەکانیان و چاکەت و پانتۆڵ و بۆنیباخ و تەنورە لەپێکانیانەوە تانەکە ڕەت ئەکەنە وە سەرئەنجام ئەم پەردەڕەشە بەسەر کۆمەڵگەی عێراقدا دائەدەنەوە ( تاریکیەکەی کوردستانیش ئەگرێتەوە). کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی و زەلکاوسازکردن بۆ کۆمەڵگە لە بەدهەمواریەکەی یاسای باری کەسێتیدا خراوەتە پاڵ سەندنەوەی مافی زەوی زەوتکراو تاکو پاساوێکی کۆمەڵایەتی و یاسایی و حکومەتی و ئیداری بۆ دابتاشرێت. هەر ئەمەش پەرلەمانتارە کوردە ناسیۆنال_ئیسلامیەکانی شاگەشکە کردووە و لەبەر پیرۆزبایی کردن لە یەکتر، دۆزەخی سازکراو بۆ مناڵانی عێراق بە پلەی یەکەم و تەواوی کۆمەڵگەش لایان کەمرەنگ ئەکاتەوە. ئەمە بۆ خۆی پیسترین پەڵەی بۆگەنی ئەم دەسەڵات و پەرلەمانەیە کە پریشکەکەی بە هەموو ئەو دەستانەوەیە کە ''بەڵێ''یان بەو بەدهەمواریە دا.

کۆمەڵگەی عێراق خۆی لە دوای داگیرکردنی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەوە نوقمی تایەفەگەریتی و دواکەوتوویی بووە کە پێش هەر کەسێک باجەکەی ژنان و مناڵان و کەسانی ئازادیخواز داویانە. بەپێی ڕاپۆرتێک کە پرۆژەی (سندوقی دانیشتووانیی نەتەوە یەکگرتووەکان) کە لە ساڵی ٢٠١٦ بڵاوبۆتەوە و بەپێی ئاماری فەرمی حکومەتی عێراقی تاکو ساڵی ٢٠١١، ٥٪ ی مناڵانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵ و ٢٢٪ ی خوار تەمەنی ١٨ هاوسەرگیریان کردووە. ئەم ڕێژەیە لە دوا ئامارێکدا کە بینراوە لەلایەن ڕێکخراوی ناحکومی ( کیژۆڵان نەک بووکان) وە، مناڵانی خوار ١٥ گەیشتۆتە ٧٪ و هی خوار ١٨، ٢٣٪. بەمجۆرە نیسبەت بە دانیشتووان زیاد لە ٣ ملیۆن و ٣٠٠ هەزار کیژۆڵانی خوار ١٥ ساڵ هاوسەرگیریبیان پێکراوە و ئەوانەی خوار ١٨ ساڵیش زیاد لە ١٠ ملیۆن. ببینن خۆی چ

بێمافییەکی گەورە لە ئارادابووە. ئێستا پەرلەمان دێت و ئەمە ئەکات بە یاسایی و ئیتر هیچ کەس لەسەرو مەلا و فەتوادەرێکی شیعە و سوننەوە نییە. هەر مەلا و کۆلکە مەلایەک کە هەوەسبازیی وای لێ بکات حەزی منداڵبازی بۆ کیژۆڵەیەک بچێت، پەنا بۆ شەریعەت و مەزهەبەکەی ببات و خۆی لەگەڵ ١٥ ساڵیدا یان لەگەڵ ٩ ساڵیدا بگونجێنێت. سکپڕکردنی منالان و وەچەخستنەوە لە تەمەنێکدا کە خودی ئەو گەنجە دایکە پێویستی بە سەرپەرشتی و ئاگالێبوون هەیە چ فەرهەنگێکی پیس بڵاوئەکاتەوە و چ بۆگەناوێک ئەبێ بە یاسای سەروەر و بەسەر خەڵکدا جێبەجێئەکرێت؟ ئەمە با بەندەکانی سەبارەت بە وەرەسە و تەڵاق و وەرگرتنی منال لە دوای جیابوونەوە لەولاوە بوەستێ کە ئەم یاسا نوێیە مافەکانی تەنها بە پیاوان داوە و دەستی شێخ و مەرجەعە ئاینییەکانی ئاوەڵا کردووە لەسەروو "یاساوە" شەرعیەت بە هاوسەرگیری لەگەڵ منالاندا بدرێت و دادگاکانیش ئەبێ پابەندی تەوسییە و بڕیاری مەلا و مەرجەعە ئاینییەکان بن.

ئەم یاسایە نابێ سەربگرێت دەنا عێراق ئەباتەوە بۆ زیاد لە ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر. ئەمە پاشەوپاش ڕۆیشتنەوەی کۆمەڵگە ڕەسمیەت پێئەدات ڕەوایەتی پەرلەمانی و یاسایی و بگرە دەستوری پێ ئەدات. ئەم پێوەرەی لەم یاسایەدا هاتووە تەنها دژی منالان نییە، تەنها دژی ژنان نییە، بگرە تەواوی کۆمەڵگە ئەگرێتەوە و دژی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازیە و فەزای دژایەتیکردن و کۆیلەکردنی ژنان زیاد ئەکات. هاوکاتیش هەوڵێکە تا کۆمەڵگە نوقمی دواکەوتوویی بکات و لەم ڕێیەوە خەڵکێکی دەستەمۆکراو و پڕکێشەی دەروونی و ماددی و کۆمەڵایەتی بخولقێنێت.

تێپەڕبوونی بەدهەمواریی یاسای باری کەسێتی لەپاڵ ئەوانەی تردا جگە لە کۆنەپەرستییەکی پەتی هیچی تر نییە و لەژێر هیچ بیانو و پاساوێکدا جێگەی قبوڵ نییە. ئەگەر پێشتر و بە ناگەهان نزیک بە ٤ ملیۆن منال لای مەلاکانی مەزهەبی شیعە و سوننە خراونەتە ناو قەفەسی هاوسەرگیری و ڕۆژانە لاقەکراون (وە ئەمە بە سوننەتی دواکەوتووی خودا و پێغەمبەر موحەمەد تەواو ڕەوا و شەرعی بووە)، ئیتر لەسەر تاوانێکی لەم چەشنە کەسیش ناتوانێ لە دادگا سکاڵا تۆمار بکات و یاسا و دادگا و دادوەرەکان بەو پێوەرە پیسەی پەسەندکراوی پەرلەمان لاقەکردن بە شەرعی و ڕەوا و ڕێپێدراو ئەناسێنن. وەک ئەوەی لاقەکردنی منالان و نەوجەوانانی مێ، نۆرم و مەسەلەیەکی ئاسایی ناو ئەم کۆمەڵگەیە بێت. بەڵام ئەمە بە تەواوەتی ڕەتکراوەیە لەلایەن جەماوەری ئازادیخواز و یەکسانیخوازەوە. پێویستە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بەرەنگاری ئەم یاسا بەدناو و بەدفەڕە ببینەوە و لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا نەهێڵین بەسەر ئەم دەسەڵاتەدا تێپەڕێ. پێویستە بە هەرجۆرێک ئیمکانی هەیە ڕسوای بکەین و ئازادیخوازیی جیهانی ڕووبەڕوو بکەینەوە. هەموو هەوڵێک بدەین ئەم یاسایە هەڵبوەشێنرێتەوە. هەر ئێستاش لە زۆرێک لە دەزگا و میدیا ناودارەکانی جیهاندا ئەم پەڵە ڕەشە نیشان دراوە و ڕەتکراوەیە. پێویستە هەوڵ بدەین هەر سەرێکی ئەو حیزب و لایەنانەی دەنگیان بەم پۆخڵەواتە داوە لە دەرەوەی وڵات دەربکەون، ڕسوایان بکەین. پەرلەمانتاری دەنگدەر بە ئیغتسابی کچان و منالان گەندەڵترین و پیسترین بازرگانی سەفقەبازن و جگە لە لەگۆڕنانی دەسەڵاتەکەیان هیچ چارەیەکی تر لەگەڵ ئەواندا ناخوات.

☆

**لە بەرنامەی "دنیای باشتر" بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە:**

- **تەمەنی یاسایی کامڵبوونی جنسی بۆ ژن و پیاو ١٦ ساڵە. پەیوەندیگرتنی جنسیی کەسانی گەورەساڵ (سەرووی تەمەنی یاسایی کامڵبوون)، لەگەڵ کەسانی خوار تەمەنی یاسایی، تەنانەت ئەگەر بەڕەزامەندی خۆشیان بێت، قەدەغەیە و بەتاوان دەژمێردرێت.**
- **ڕوبەڕوبوونەوەی توندی یاسایی لەگەڵ بەدکەڵک وەرگرتنی جنسیی لە منالان. بەدکەڵک وەرگرتنی جنسیی لەمنالان بە تاوانی قورسی جینایی دەژمێردرێت.**
- **لێپرسینەوە و سزادانی یاسایی کەسانێک کە بەهەر جۆرێک و بەهەربیانوویەک ببنە ڕێگر لەبەردەم بەهرەمەندبوونی منالان، چ کچ چ کوڕ، لە مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان، وەکو فێربوون، سەرگەرمی و بەشداریکردن لە چالاکیە کۆمەڵایەتیەکانی تایبەت بە منالان.**

# داوای چەکدانانی هەسەدە

عوسمانی حاجی مارف

ئیدارەی نوێی سوریا پێداگری لەسەر چەکدانانی هێزو لایەنە چەکدارەکان لە سوریا دەکات، هەر لەم بارەیەوە ئەحمەد شەرع پێنج شەمە لە ٢٣/١ لە بەیاننامەیەکدا بۆ میدیاکانی تورکیا، جەختی لەوە کردەوە کە دیمەشق بە هیچ شێوەیەک رێگە بە بوونی چەک نادات لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتدا، هەروەها رێگە بە دابەشکردنی سوریاش نادات.

هەر لەم بارەیەوە ئەحمەد شەرع دوپاتی کردووە کە هەسەدە تەنها لایەنە وەڵامی بانگەوازی ئیدارەی سوریای نەداوەتەوە بۆ چەکدانان، هەروەها شەرع دەڵێت کە پەکەکە و یەپەکە پرسی رێکخراوی داعش بەکار دەهێنن بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان.

لەهەمان کاتدا بەرپرسێکی باڵای هەسەدە رایگەیاندووە کە ئامادەنین هێزەکانیان هەڵبوەشێننەوە و چەک رادەستی حکومەتی دیمەشق بکەن. بەڵام دەتوانین بەشێک بین لە سوپای داهاتووی سوریا، بە مەرجێک حکومەتی ناوەندی نوێنەرایەتی هەموو نەتەوە و گروپەکان بکات!.

لەراستیدا ئەم سەوداو مامەڵەیەی هەیئەی تەحریری شام دەیکات، ئاماجی سەرەکیان رۆشنە بەدوای چیەوەن، دەیانەوێت چۆن و کام جۆر لە دەسەڵاتی سیاسی لە سوریا یەکلایی کەنەوە، ئەو هەنگاوانەش ئێستا دەیانەوێت پیادەی بکەن، ئاشکرایە سەپاندنی باڵادەستی دەسەڵاتی یەکلایەنەی هەیئەی تەحریری شامە بەسەر تەواوی سوریادا، کە لە رێگەی هێزە میلیشیاکانی خۆیانەوە بەرجەستەی دەکەنەوە.

هەیئەی تەحریر لەلایەک بە ووردی خەریکی دامەزراندنی حکومەتی سوریایە بە جۆرو شێوازێک کە دەبێتە بەهێزکردنی پێگە و نفوزی سیاسی هێزەکەیان، کە خەریکن دەستوری ئیسلامی دەکەنە بنەمای پێکهێنانی "دەوڵەتێکی نوێ" لە سوریادا و لەسەر بنەمای شەریعەی ئیسلامی کۆمەڵگە بەرێوە ببەن. هەر لەو ئاراستەیەوە لە هەوڵی ئەوەدان هێزو لایەنەکانی تر لە سوریا تەریک کەنەوە بەناوی پاراستنی یەکگرتویی سوریا.

ئەوەی جێگای سەرنجی جدیە لە بەرامبەر بانگەوازی هەیئەی تەحریر بۆ چەکدانانی هەسەدەو هەر لایەنێکی تر و بە دەوڵەتکردنی هێزی سەربازی، هیچ گومانی تیا نیە کە ئەم جۆرە لە بانگەوازیان ئاشکرایە، یەکەم دەیانەوێت هیچ هێزێکی چەکداری لە بەرامبەرایاندا نەمێنێت، بەم شێوەیە نەکەونە بەرامبەر شەڕی چەکداریەوە. دووەم ئەو هێزە سەربازیەی دەیانەوێت فەرمی کەنەوە و حکومی بێت، ئەوە، هێزە میلیشیاکەی هەیئەی تەحریرە کە دەیانەوێت شەریعەی ئیسلامی پێ بسەپێنن، نایانەوێت هیچ هێزێکی تری جەکدار لە بەرامبەریاندا هەبێت، کە رەتی پەیرەوکردنی شەریعەی ئیسلامی کاتەوەو بەر بەدەسەڵاتی یەکلایەنەیان بگرێت، هەڵبەتە لەوبارەیەوە ئاسۆی شارستنی بونی هەسەدە رۆشنە، بەتایبەتی دەربارەی یەکسانی ژنان و پیاوان کە پێچەوانەی شەریعەی ئیسلامیە.

هەروەها لەلایەکی ترەوە ئەم بانگەوازەی هەیئەی تەحریر هاوکاتە لەگەڵ ئەو هەرەشەو هێرشانەی حکومەتی تورکیا دەیکات بۆ سەر هەسەدە و لە هەوڵی کۆتایی هێنانیانە، تورکیاش بەدوای جێگیرکردنی دەسەڵاتی ئەحمەد شەرعەوەیە بۆ دڵنیابون لە پاراستنی دەخالەتی بەردەوام لە سوریا و لە ناوچەکەدا، وە بۆ ئەم ئامانجەیان، مانەوەی هەسەدە بەقازانجیان نیە.

ئەو ئالوگۆڕانەی لەدۆخی سوریا پێشهاتووە بەدوای داگیرکاریەکانی ئیسرائیل و پاشەکشە بەدەوری ئێران، وێنایەکی تایبەتی لە ناوچەکەدا پێکهێناوە، کە لە بەردەم ئالۆزی و ئایندەیەکی نادیاردا وەستاوە، هاوکێشەی سیاسی لە ناوچەکەدا دەورانێکی تازەی بەخۆوە دیوە، کەهاوسەنگی هێزەکان مانایەکی تر لە پێگەو دەوری هەڵسورانی سیاسیاندا بۆ هاتوتە پێشەوە.

هەیئەی تەحریر بەدوای چونە ناو دیمەشق و روخانی ئەسەد لە پرۆسەی پێکهێنانەوەی دەسەڵاتەوەیە، هەر لەو ئاراستەیەوە هەنگاوەکانی بۆ پەیگیریکردنی دەسەڵاتی یەکلایەنیە، تا بە بەرژەوەندی ئەحمەد شەرع تەواو ببێت، هەروەها لایەنەکانی تر کێش دەکەن بۆ ژێر رکێفی ئەو سیاسەت و ئامانجانەی دەسەڵاتی سیاسی هەیئەی تەحریر بەرجەستە دەکاتەوە، لەهەمان کاتدا ئەو دۆخەی بۆ هەسەدە هاتوتە پێشەوە، لەنێو کێشمەکێش و گەمەی سیاسی و دەخالەتی ئیسرائیل و ئەمریکا و تورکیا و دەسەڵاتی ئەحمەد شەرعدا دەرگیر بووە، لە چاوەڕوانی پشتیوانی ئەمریکا و رۆژئاوادایە تا لەو قەیرانە دەریانکێشن، واتە چارەنوسی خۆی داوتە

دەست ئایندەی ململانێ و دەخالەتی ئەو وولاتانەی چۆن پارێزگاری لەبەرژەوەندیەکانیان دەکەن و دۆخەکە بەرەو کوێ دەبەن، ئەم ئاراستەیەش لە درێژماوەدا ناتوانێ جێگای متمانەی پاراستنی ئیدارەی خۆجێیی لایەنە کوردیەکان بێت.

بەجیا لەوە هەر ئالوگۆرێک و پێشهاتێکی تر لەناوچەکەدا دێتە پێشەوە، گرنگترین هەنگاو و هەڵویستێک کە هەسەدە لەم دەورەیەدا پێویستە پەیگیری لەسەر بکات، یەکەم بەهیچ جۆرێک لە سایەی دەسەڵاتی ئەحمەد شەرعدا نەچێتە ژێر باری ئەوەی هێزە چەکدارەکانی هەڵوەشێنێتەوە یان بیکات بە بەشێک لە هێزی سوپای حکومی، بەناوی ئەوەی دەبێتە هۆی سوریایەکی یەکگرتوو! . دووەم پەیگیری کردنە لەسەر ئەو ڕێبازە سوکولار و شارستانیەی پەیڕەویان کردوە، تا ئەو ئاستەی بیکەنە فشار لەسەر حکومەتی ئێستای سوریا کە بەدوای چەسپاندنی شەریعەی ئیسلامیەوەن، لەهەمان کاتدا ئایندەی سیاسی خۆیان گرێ نەدەنەوە بە سیاسەتەکان و بەرژەوەندیەکانی ئیسرائیل و ئەمریکاوە.

ئەوەی لە هەمانکاتدا پێویستە جەختی لەسەر کەینەوە پرسی ئەو داعشانەیە کە زیندانین، حکومەتی تورکیا و حکومەتی ئێستای سوریا داوادەکەن مەزلوم عەبدی تەسلیمیان بکات، ئەم داوایەش مەترسیەکەی لەوەدایە کە گومانی تیانیە دواتر ئەو زیندانیانە دەکەنە بەشێک لەو هێزی سوپایەی ئەحمەد شەرع ناوی ناوە سوپای فەرمی و نیشتمانی.

☆

**لە بەرنامەی "دنیای باشتر" بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە؛**

# چەند تێزیک سەبارەت بە دین

* ئازادی دینداری و بێدینی و جیایی تەواوی دین لە دەوڵەت. داتەکاندنی یاساکانی وڵات لە هەموو ناوەڕۆک و پشتبەستن و کاریگەریەکی دین. کردنی دین بە کاری تایبەتی تاکەکان. هەڵوەشاندنەوەی دەستەواژەی دینی ڕەسمی. سڕینەوەی هەرجۆرە ئاماژەکردنێک بە دینی کەسەکان لە یاساکان و بەڵگە ناسنامەیی و ئیدارییەکانی پەیوەست بەخۆیان. قەدەغەکردنی لکاندنی تاکەکان، بەتاک یان بەکۆ، بەهەرجۆرە ئینتمایەکی ڕەگەزی و دینیەوە لە بەڵگەنامە ڕەسمیەکان و میدیاکان و..تاد.

* جیاکردنەوەی تەواوی دین لە خوێندن و پەروەردە. قەدەغەکردنی خوێندنی وانە دینیەکان، ئەحکامە دینیەکان، وە یان ڕاڤەکردنی دینیی بابەتەکان لە خوێندنگە و دامەزراوەکانی فێرکردندا. هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێی هەموو ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە لەگەڵ مەبدەئی فێرکردن و پەروەردەکردنی نادینی دا ناکۆکن.

* قەدەغەکردنی هەرجۆرە پشتیوانیەکی دارایی و ماددی و مەعنەوی لە دین و چالاکی و دامەزراو و دەستە دینیەکان لەلایەن دەوڵەت و دەمودەزگا دەوڵەتیەکانەوە. ئەرکی دەوڵەتە کە لەرێگەی کارکردن بۆ هوشیارکردنەوە و بردنەسەری ئاستی خوێندەواری و زانیاری و زانستی گشتیەوە دین لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بسڕێتەوە. سڕینەوەی هەرجۆرە ئاماژەکردنێک بۆ بۆنەو ساڵرۆژە دینیەکان لە ڕۆژژمێری ڕەسمیدا.

* قەدەغەکردنی مەراسیمی دینی توندوتیژئامێز و نا ئینسانی. قەدەغەکردنی هەرجۆرە چالاکی و مەراسیم و نمایشێکی دینیی کە لەگەڵ ئازادی و مافە مەدەنیەکانی خەڵک و مەبدەئی یەکسانیی هەمووواندا ناکۆک بێت. قەدەغەکردنی هەرجۆرە نمایشێکی دینیی کە ببێتە مایەی شێواندنی ئاسودەیی و هەست بە ئاسایشکردنی خەڵک. قەدەغەکردنی هەرجۆرە مەراسیم و ڕەفتارێکی دینیی کە لەگەڵ یاسا و ڕێساکانی پەیوەست بە تەندروستی و سەلامەتیی تاکەکان و ژینگە و یاساکانی پەیوەست بە پاراستنی گیانەوەران ناکۆک بێت.

* پاراستنی منالان و کەسانی ژێر شانزە ساڵ لە هەرجۆرە دەستدرێژیەکی ماددی و مەعنەوی دینەکان و دامەزراوە دینیەکان. قەدەغەکردنی ڕاکێشانی کەسانی ژێر شانزە ساڵ بۆ ناو گروپ و سێکتە دینیەکان و مەراسیم و شوێنە دینیەکان.

* پێویستیی ناونووسکردنی ڕەسمیی دین و گروپ و سێکتە دینیەکان وەک دامودەزگا و دامەزراوە تایبەتیەکان و پەیڕەویکردنی دامەزراوە دینیەکان لە هەموو یاساوڕێساکانی پەیوەست بە هەڵسووڕانی دامەزراوەکان. کۆنترۆڵی دامەزراوە یاساییەکان بەسەر حسابات و سجلات و داهات و خەرجیی گروپ و سێکت و دامەزراوە دینیەکاندا. پەیڕەویکردنی ئەم دامەزراوانە لە یاساکانی باجگیریی پەیوەست بەم جۆرە دامەزراوانە. قەدەغەکردنی هەرجۆرە گوشارێکی جەستەیی و نەفسیی بۆسەر تاکەکان بەمەبەستی قبووڵکردنی دین.

* قەدەغەکردنی ئەو ڕێورەسمە دینی و ڕەگەزی و تەقلیدی و ناوچەییانەی کە لەگەڵ ماف و یەکسانیی و ئازادیی خەڵکدا، چ تاک چ کۆ، یان لەگەڵ بەهرەمەندبوونی ئەوان لە هەموو ئەو مافە مەدەنی و کەلتووری و سیاسی و ئابووریانەی کە یاسا دانی پێداناوە، وە یان لەگەڵ خۆنواندنی ئازادانەی ئەوان لەژیانی کۆمەڵایەتیدا ناکۆکن.

☆

# ئاگربەستی غەززەو ئایندەی خەڵکی فەلەستین!

## نوری بەشیر

دوای ١٥ مانگ لە کۆمەڵکوژی، ئاگربەستی غەززە بەپێی ڕێکەوتنی نێوان حکومەتی ئیسرائیل و حەماس لە ١٩ی جەنیوەریدا چووە بواری جێبەجێکردنەوە کە بەسێ قۆناغ دەستنیشانکراوە. لە قۆناغی یەکەمدا تا ئێستا دوو وەجبە ئاڵوگۆڕی دیلەکان دەستی پێکردووەو بەدوایدا قۆناغەکانی دووەم و سێهەم دێت، لەکاتێکدا ئەوە روون نیە لەو دەورەیەدا چی دێتەپێشەوە لەپەیوەندی و کێشەی نێوان ئەو دوولایەنەدا، هەرئەو کوشتارەی لەم رۆژانەدا حکومەتی ناتانیاهۆ لە جەنین ئەنجامی داو نازانرێ لەداهاتودا چیتر روودەدات.

هەواڵی ئەم ئاگربەستە لەرۆژی ١٥ی جەنیوەریەوە خەڵکی فەلەستینی لەگەڵ خۆشحاڵیەکی زۆرەوە رووبەڕوو کردەوە، هاوکات ریزی ملیۆنی ئینسانی ئازادیخواز و مرۆڤدۆستیش لەدنیادا لەپاڵ ئەم خۆشیەی خەڵکی فەلەستیندا راوەستاون.

ئامارەکانی کوشتارو کاولکاری غەزە لەدوای ئاگربەستی غەززە، لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و وەزارەتی تەندروستی غەززەوە زیاتر لەوەی تا ئێستا بەیانکراوە ئاشکرا دەکات. بەپێی ئەو ئامارە ژمارەی کوژراوەکان لە کەرتی غەززە زیاتر لە ٦٦ هەزار کەسە، واتە بەجیا لەو ٤٧ هەزار و ٢٨٣ کوژراوەی کە پێشتر راگەیەنرابوو، زیاتر لە دە هەزار کەس لەژێر بینا روخاوەکاندان و تائێستاش تیمەکانی ئەمبولانس و بەرگری شارستانی نەیانتوانیوە دەستیان پێیان بگات. هەروەها ژمارەی بریندارەکان بۆ ١١٢ هەزار کەس بەرزبووەتەوە. رێژەی کاولکاری غەززە بە زیاتر لەسەدا نەوەد دادەنرێت. لەنێویاندا زیاتر لە هەشتا قوتابخانەو نەخۆشخانە کاول بوون. ئاوارەی غەزە بە یەک ملیۆن و نۆسەد هەزار کەس خەمڵێنراوە، واتە لەسەدا نەوەدی دانیشتوانی غەززە.

بەم هۆیەوەیە دەربڕینی خۆشی و شادی بەبۆنەی ئاگربەستەوە، ئەگەرچی ئایندەیەکی رۆشن لەبەردەم خەڵکی غەززەو فەلەستینیدا بەگشتی دیار نیە، بەڵام لەئێستادا بەمانای وەستانی کۆمەڵکوژیەکە بەسەرسەری خەڵکی غەزەوە. ئاگربەست مانای وەستانی هەموو رۆژەی برسێتی و مردن و کاولکاری و ئاوارەیی دێت، بۆیە بۆ خەڵکی فەلەستین و جیهانیش وەستانی یەک چرکە تۆپباران و کاولکاری و کوشتن، شایستەی شادی و دڵخۆشیە.

ئەگەرچی زۆر لایەن و حکومەت بەپێی بەرژەوەندی خۆیان، ئەم ئاگربەستە بە وەستانی جەنگ ناودەبەن و هەریەکەیان بە سەرکەوتنی حکومەتی ئیسرائیل و ئەمریکا یاخود حەماس ناوزەدی دەکەن و بەپێی جیۆرێی خۆیان لەپاڵ ئەو دوو لایەنەدا، خۆیان وەکو بەشێک لە بەرەی سەرکەوتوو هەژمار دەکەن و پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن، بەڵام سەرەتا دەبێت ئەوە روون بێت کە ئاگربەستی غەززە بەمانای وەستانی جەنگی ئیسرائیل بەدژی خەڵکی غەززە و فەلەستین نایەت، کە ئەمە پرسێکی ئاڵۆزترەو کاری گەورەتری دەوێت. هەروەها ئەم ئاگربەستە دەکرا زوتریش ئەنجام بدرایە و گیانی دەیان هەزار کەس بپارێزایە و رێگای لەو هەموو کاولکاریە بگرتایە، بەڵام ملهوڕی و جڵەوپچڕاندانی حکومەتی ڕاستڕەوی ئیسرائیل دەرگای لەبەردەم ئەم فرسەتە داخست! لەکۆتاییدا بەپێی هەلومەرجێکی ناوخۆیی ئیسرائیل و فەلەستین و ناوچەکەو جیهان دەستی بۆ براوە و ئیسرائیل ناچار بە قبوڵکردنی بووە، کە زەرورە زەمینەکانی روونبکرێتەوە.

یەکەمین شتێک لەدەستبردن بۆ ئاگربەست، کەوتنە ژێر فشارێکی زۆری حکومەتی ئیسرائیلە لەلایەک و ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بوو لەلایەکی دیکەوە، کە جیهانی شارستانی لە ریزی ملیۆنی خەڵکی ئازادیخواز، مرۆڤدۆست، یەکێتیە کرێکاریەکان، حزبە چەپ و کۆمۆنیستەکان لەئاستی دنیادا، نەک بەدژی کۆمەڵکوژی ناتانیاهۆو حکومەتەکەی وەستانەوە، بەڵکو یەخەی حکومەتەکانی هاوپەیمانی ئیسرائیلیان گرت، وە هەرجارە بەڕیزی سەدان هەزاری و ملیۆنی لەئاستی جیهاندا دەرژانە سەر شەقامەکانی؛ ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا و زۆرێک لە وڵاتانی دنیا، و سەران و حکومەتی ئەم وڵاتانەیان بەهاوبەش دەزانی لەو کۆمەڵکوژیەدا، تا نارەزایەتیەکان گەیشتە ئەوەی لەناو دەزگاکانی خۆیاندا لەوانە؛ لەناو رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە لە ' دادگای تاوانی نێودەولەتی'یەوە بڕیاری دەستگیرکردن و دادگایکردنی بۆ بنیامین ناتانیاهۆ و یائۆڤ گالانت وەزیری بەرگریی پێشووی ئیسرائیل دەرکرا.

هەروەها رووبەڕووبوونەوەی ناتانیاهۆ لەگەڵ دووجۆر نارەزایەتی

⇦

لەناوخۆی ئیسرائیلدا؛ لەلایەک ناڕەزایەتی خەڵکی ئازادیخوازو چەپی ئیسرائیل و خێزانی بارمتەکان، لەلایەکی ترەوە کێشەی ناوخۆی حکومەتی ئیسرائیل و دژایەتیکردنی ناتانیاهۆ.
لەلایەکی ترەوە ئەگەرچی ناتانیاهۆ بەهەندێ لە بەرنامەکانی خۆی گەیشت بۆئەوەی درێژە بە دەسەڵاتەکەی بدات ئەویش لە؛ لاوازکردنی حەماس بەکوشتنی بەشێک لە سەرکردە و ئەندامەکانی و پاشەکشەپێکردن و لاوازکردنی ئەو هێزانەی لەپاڵ حەماسدا وەستابوون، لەوانە؛ حزبوڵای لوبنان و کوشتنی سەرکردەکانی و کەوتنی بەشار ئەسەد و لاوازبونی دەوری ئێران لە لوبنان و سوریا وەکو دوو وڵاتی دراوسێی ئیسرائیل کە بووبوە پێگەی هێزەکانی دژ بە ئیسرائیل و تەنانەت داگیرکردنی بەشێک لەسوریا و لوبنان بەناوی پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیلەوە، بەڵام نەیتوانی حەماس لەناو ببات و هەموو بارمتەکان بگێڕێتەوە کە دوو ئامانجی هێرشەکەی ئیسرائیل بوو بۆسەر غەززە و کۆمەڵکوژی هاوڵاتیانی غەززە بوو!
هاوکات بۆ ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەناوچەکەدا بەتایبەت بەدوای هەلومەرجی سوریادا، ئیتر نەخشەیەک کەئەمانە هەیانە بەناوی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، پێویست بە هەلومەرجێکی ئارام دەکات بۆ خستنەگەڕی سەرمایەو بازرگانی و بازارەکانیان، بۆیە ئیتر بازاڕی جەنگی ئیسرائیل بەدژی خەڵکی فەلەستین بەوشێوەیە ناتوانێت بەشێوەی کۆمەڵکوژی بەردەوام بێت.
هەربۆیە ئەگەر سەرکەوتنێک بۆ ناتانیاهۆو حکومەتەکەی و ئەمریکاو و ڕۆژئاوا تۆماربکرێت، سەرکەوتنیانە لە کۆمەڵکوژی خەڵکی مەدەنی و کاولکاری ماڵ و قوتابخانەو نەخۆشخانەکاندا لەم سەدەی بیست و یەکەدا کە هاوتوهاواری دنیای دیموکراسی بۆرژوازی و حزب و حکومەتەکانی سەرمایەداری و سەرکردەکانی وەک؛ ترەمپ، ستارمەر، پۆتین،... خەڵکی دنیایان سەرقاڵ کردوە، ناوەرۆکی بۆش و گاڵتەجاڕی دیموکراسیەکەیان لای خەڵکی ئازادیخوازی جیهانی ریسواتر بووە.
حەماسیش بەهەمانشێوەی ئیسرائیل سەرکەوتوی شکستخواردووەکانە، دەبێت بە کۆمەڵکوژیەک و وێرانکاریەک کە لەغەززە روویدا کام سەرکەوتنی تۆمارکردبێت، جگە لەوەی ئیسرائیل ئاگربەستی لەگەڵدا کردوە!؟ ئەگەرچی ئەمە جۆرێک داننانی ئیسرائیلە بەتوانای مانەوەی حەماس وەکو هێزێکی سەربازی، بەڵام بە بەراورد بەو وێرانکاری و جینۆسایدەی لە غەززە رویدا، تەنانەت بە بەراورد بە دەسەڵاتی پێشووی حەماس لە غەززە، تەنها دڵخۆشکردنە بەوەی کە ماونەتەوە و هیچی دیکە! بەڵام دیارە بۆ حەماس وەکو هێزێکی ئیسلامی بۆرژوازی، کە بەرژەوەندیەکانی خۆی لەسەروو ژیان و گوزەران و سەلامەتی وئایندەی خەڵکی فەلەستینەوە دەبینێ، مانەوەی خۆی بە قیمەتی کاولبوون و کوشتاری دەیان هەزار هاوڵاتی مەدەنی وەکو سەرکەوتن و بردنەوە هەژمار دەکات!
بێگومان ئایندەی خەڵکی فەلەستین، بە غەززەو جەنینیشەوە کەئێستا لەژێر ئاگری جەنگی ئیسرائیلدایە، بەستراوە بە چارەسەری کێشەی فەلەستینەوە، بۆ دووبارەنەبوونەوەی کۆمەڵکوژی ١٥ مانگی رابردوو و دەیان ساڵەی پێشتریش، ئەویش بەچارەسەری یەکجاری ئەم کێشەیەو دامەزراندن و بەڕەسمیەت ناسینی دەوڵەتی فەلەستین لەپاڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا، ئەمەش کاری نەک تەنها خەڵکی فەلەستین، بەڵکو ئەو ریزی ملیۆنیەی خەڵکی ئازادیخوازی دنیایە کە زیاتر لە ساڵێکە لەپاڵ خەڵک فەلەستیندا وەستاون و بەدژی کۆمەڵکوژی ئیسرائیل و پشتیوانی بێدرێغی ئەمریکاو وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ئیسرائیل وەستاونەتەوە.

٢٤ی جەنیوەری ٢٠٢٥

★

*** فشاری خەڵکی ئازادیخوازی دنیا و بەتایبەتی ڕۆژاوا بۆ دەستبەجێ ڕاگرتنی شەڕی ئیسرائیل لەدژی دانیشتوانی غەززە و خواستی دادگایی سەرانی دەوڵەتی ئیسرائیل، ئەو فاکتەرە کاریگەرە بوو کە توانی ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەورووپا کە پشتیوانی بێمەرجی ئیسرائیل بوون لەم تاوانکاریەیدا دژ بە خەڵکی غەززە، ناچاربکات فشار لە ئیسرائیل بکەن بۆ قبوڵکردنی ئاگربەست و ڕاگرتنی کوشتار و جینۆسایدکردنی منداڵان و خەڵکی مەدەنی فەلەستینی لە غەززە!**

*** ناچارکردنی ئیسرائیل بە ڕاگرتنی جەنگ و ملدان بە ئاشتی و قبوڵکردنی دەوڵەتی فەلەستین لەپاڵ دەستبەجێ ڕاگرتنی سیاسەتی نیشتەجێکردنی جولەکە لە شوێنی فەلەستینیەکان و قبوڵکردنی مافی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ فەلەستین، سەرەتای ئەو هەنگاوەیە کە کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین بەرەو چارەسەر دەبات و زەمینەی سەرهەڵدان و گەشانەوە و مانەوەی ڕەوتە ڕاستڕەوو تیرۆریستەکانیش لە هەردوو بەرەی کێشەکە لەنێودەبات!**